www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22-10-2006 16:26

# دەلاڵەکانی لەشفرۆشی لەشاری کەرکووک (گەوادەکان) دەدوێن .. راپۆرت: ستیڤان شەمزینانی



-هەندێ موشتەریمان هەیە کە ئافرەتی جوانمان بۆ دێت خۆمان تەلەفۆنی بۆ دەکەین.
-یەکەم رۆژ لەزیندان بەربووم ئافرەتێکم برد بۆ خاوەن کۆمپانیایەک.
-زۆربەی ئەوانەی دێن بۆلامان داوای ئافرەتی کورد دەکەن.
ڕاپۆرت: ستیڤان شەمزینانی

دیاردەی لەشفرۆشی لە کوردستان لەزۆربوندایە، دەیان تۆڕو دەستەی بازرگانیکردن بەجەستەی ئافرەتان لەباشوورو ناوەڕاستی عێراقەوە ڕووەو شارەکانی کوردستان دێن. کەرکووک یەکێکە لەو شارانەی کە ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی بەربڵاو تیایدا تەشەنەی کردووە و بڵاوبۆتەوە، لەگەشتەکەماندا بۆ ئەو شارە سەردانی چەندان ماڵی لەشفرۆشیمان کرد کە لەلایەن دەڵاڵە کوردەکانەوە بەڕێوە دەبران و سەرپەرشتی دەکران.

لەبنەڕەتدا من چوو بووم بۆ دواندنی ئافرەتە لەشفرۆشەکان بەڵام لەکاتی وردبوونەوەم لە دنیای گەوادەکان بۆم دەرکەوت ئەمانیش خەسڵەت و تایبەتمەندیی خۆیان هەیەو لەهەگبەیاندا زۆر قسەو تەنانەت موعاناتیش هەیە، ئەمجارە لەگەڵ ئەو دەلاڵانە کەوتمە گفتوگۆ کردن، زۆر پرسیارو دیالۆگێکی گەرم ڕوویدا لەنێوانماندا، لەسێ ماڵی جیاوازدا لەسێ گەڕەکی جیاوازی شاری کەرکووکدا ئەم دەمەتەقێیانەمان یادداشت کرد.

(خ. ع) تەمەنی 38 ساڵەو کوردە وتی: من سیانزە ساڵە ئەم کارە دەکەم، لەپێشدا کەدەستم کرد بەم کارە لەشاری سلێمانی بووم بەڵام لەوێ چەند جارێک لەلایەن پۆلیس و ئاسایشەوە دەستگیرکرام بۆیە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق هاتمە کەرکووک و لێرە ئیشم زۆر باشەو بەردەوام لەبەغداد و موسڵەوە ئافرەت دەهێنم و هەر دەپانزە رۆژ جارێکیش کچەکان دەگۆڕم بۆئەوەی نەفەرەکانمان لێیان بێزار نەبن، بەزۆریی ئەو ئافرەتانەی من دەیانهێنم عەرەبن بەڵام جاروباریش کوردییان تێدایە و ماوەیەک لامان دەمێننەوە بەڵام زیاتر تەرکیزمان لەسەر عەرەبەکانە.

(ج. ک) تەمەن 29 ساڵ، خەڵکی شاری هەولێرەو ئێستا لە کەرکووک سەرپەرشتی ماڵێکی لەشفرۆشی دەکات وتی: چوار ساڵ و نیوە دەستم بەم کارەکردووە لەڕێگەی برادەرێکەوە، من بەردەوام دەچم خانوو دەگرم و لەگەڵ نووسینگە یان خاوەن ماڵەکە عەقد دەکەم، دواتر (ڕ) دەچێت ئافرەتەکان دەهێنێت، ئەو خەڵکەکەو تەرەفەکانی بەغدا زیاتر دەناسێ من هەر ئەوەندەم لەسەر ماڵەکەیان بۆ دەگرم و کە ئافرەتیان هێنا لەگەڵیان دەبم و پارە لەوانە وەردەگرم کەلەگەڵ ئافرەتەکاندا دەڕۆن.

درێژەی بەقسەکانی خۆیدا و وتی: دووجار لە کەرکووک گیرام، جارێک خەبەریان لێدابووین گوایە ئێمە تیرۆریستین چونکە خەڵک بەتایبەتی کوڕی گەنج زۆر هاموشۆمان دەکات ئەوەبوو پۆلیس دای

بەسەرماندا و گرتیانین دوایی بۆیان دەرکەوت ئێمە ئەو کارە دەکەین و پاش هەفتەیەک بەریانداین بەڵام دەمانچەیەکم گیرابوو هەر نەیاندامەوە، ئەمە پار بوو مانگی حەوت.

(ئا. ش) تەمەن 31 ساڵ، خەڵکی شاری سلێمانی یەکێک بوو لەو کەسانەی کە لەماڵێکی لەشفرۆشیدا چاومان پێی کەوت و دەربارەی کارەکەی خۆی وتی: لەیەکەمجار لەساڵی 1998 دەستم بەم کارە کردوو یەکەمجار سێ کچم لەبەردەستدا بوو هەرسێکیان کوردبوون من ئەو کاتە تەکسیم پێ بوو بمزانیایە چ کەسێک حەزی لێدەکات و پارەدارە دەمبرد بۆ ماڵەکەیان و منیش پارەی خۆم وەردەگرت، دوایی ئەو سێ کچە کە خوشک بوون چوون بۆ خاریج، دواتر وردە وردە خەڵکی ترم ناسی و ئینجا کە حکومەت ڕووخا عەرەبم بۆ هات و لەگەڕەکی بەختیاری خانوویەکم بەکرێ گرت و بەردەوام پێنج شەش کچی جوانم لەلابوو، ئەوە بوو ئاسایش منی گرت شەش مانگ حوکمیان دا بەسەرمدا بەڵام یەکەم ڕۆژ کە لەسجن بەربووم ژنێکی کوردم برد بۆ کابرایەکی خاوەن کۆمپانیا، چی بکەم هیچ پارەم پێ نەبوو، کەزانیم سلێمانی خێری تیانەماوە و کەڵکی نییە ئەوەبوو هاتمە کەرکووک و لەگەڵ ئەم برادەرانە شوێنمان گرت و چووین لەبەغدادو موسڵەوە ئافرەتمان بۆ هێنا.

(ت. م) تەمەن 24 ساڵ، خەڵکی شاری سلێمانییەو دووساڵە ئەم کارە دەکات وتی: من زیاتر وەڵامی تەلەفۆنەکان دەدەمەوە، چونکە ئەوانەی دێن بۆ لامان دەبێت لەپێشدا تەلەفۆن بکەن چونکە ئێمە زوو زوو جێگەی خۆمان دەگۆڕین، هەندێک موشتەریی خۆمانمان هەیە کە ئافرەتی جوان و منداڵمان بۆ دێت خۆمان تەلەفۆنیان بۆ دەکەین ئەمانە زۆربەیان دەوڵەمەندن و پارەی چاک دەدەن، ئێستا چەند نەفەرێکی خاریجیمان هەیە و یەکێک لەوانە دەوڵەمەندێکی زەخمەو لەسوید بووەو تەمەنی 25 ساڵ دەبێت وابزانم باوکی مەسئول و شتی وایە بەردەوام کچمان لادەبات شەو تابەیانی بەدووسەد دۆلار، وەک پێم وتی من تەرەفم لەگەڵ ئەمانەی ئێرە نەک ئەوانەی بەغداد و موسڵ و کەرکووک بەس جەماعەتی خۆمان دەناسم نەک جەماعەتێکی تر، بەس خەڵک زۆر لەکەرکووک ئەم کارە دەکەن زۆر لەموشتەرییەکانمان دەچنە لای ئەوانیش.

(ڕ. خ) خەڵکی کەرکووکە بەرپرسی یەکەم و سەری گەورەی جەماعەتێکی زۆر فراوانە و چەند ماڵێکی لە کەرکووک بۆ ئەو کارە داناوە، زۆر جەختم لێکرد تا قسەی بۆ کردم، ئەو لەقسەکانیدا وتی: من ئەمەم کردۆتە پیشەو بۆتە کاسبی من، تۆ رۆژنامەنووسیت و منیش گەوادم، ئێمە هەردووکمان کاسبی دەکەین، ئیتر بۆ دەتانەوێ لەجەریدەوە گاڵتەمان پێ بکەن.

دواتر باسی خۆی کردو وتی: تەمەنم 42 ساڵەو بیست ساڵ زیاترە ئەم کارە دەکەم، چەندەها ئافرەتم لەبەردەستدا بووە هەر لەتورکمان و کوردەوە بیگرە تا عەرەب و مەسیحی. ئەوانەی سەردانی ئێمە دەکەن هەموویان گەنج و هەرزەکارن و تەمەنیان شانزە و حەڤدە و تا سی ساڵی دەبێت، زۆربەیان خەڵکی سلێمانی و هەولێرن و بەجەماعەت دێن بۆ لامان زۆربەیان ئەوەندە هاتوون بۆ لامان بوینەتە ناسیاوو برادەر.

ئەو گەنجانە کە دێن یان تەلەفۆن دەکەن یەکسەر داوای کچی کورد دەکەن بەڵام من وەعدم داوە تا دەمرم ئافرەتی کورد بە (... ) نادەم بەڵکو هەر ئافرەتی عەرەب بە (... ) دەدەم، بۆ کوڕی کورد، بۆ هەر

جارێکیش 30 هەزار دینار وەردەگرین و شەوێکیش تابەیانی بەدووسەد دۆلارە، بەلأم ئێمە خۆمان جێی شەوانەمان نییە دەبێ خۆیان جێگەیان هەبێت.
(ن. ن) خەڵکی شاری سلێمانییەو تەمەنی 37 ساڵەو دوانزە ساڵە ڕێبەری چەند لەشفرۆشێکە زۆر بەمتمانەوە قسەی کردو وتی: نزیکەی هەشت ساڵ لەسلێمانی ماڵی خۆمدا چەند ئافرەتێکم دانابوو ئەو کارەمان تێدا دەکرد، ئەو کاتە سەردەمی حەسارەکە بوو ئەوانەی دەهاتن زۆربەیان دەوڵەمەند و کوتاڵ فرۆش و ئاڵتونچییەکان بوون بەلأم ئێستا هەموو کەسێک دێن، من ئەوکاتە لەبەرگرانی و هەژاریی دەستم کرد بە (... ) و ناچاربووم بەژنەکەی خۆم ئەم کارە بکەم، ئێستاش ناتوانم وازی لێبهێنم چونکە بۆتە پیشەو کارو کەسابەتم و بڕاوە بەناوچەوانمەوە.

ئەو باسی لەکارەکەی خۆی کرد لەسلێمانیو وتی: یەکەمجار باش بوو بەلأم دوایی دەیانداین بەمەحکەمەو حوکمیان دەداین، من خۆم دووجار حوکمیاندام، شەش مانگ بوو هەرجارەی، ئێستا وام لێهاتووە ناچمەوە بۆ سلێمانی چونکە هەر کەبچمەوە لە پۆلیس و ئاسایشەوە دەینرێن بەدوامدا.
(ع. ق) تەمەن 44 ساڵ، زیاتر لەبیست ساڵە کاری ڕێبەریی لەشفرۆشی دەکات دەڵێت: کەرکووک بۆ ئێمە باشترەو نزیکەو دەچین لەبەغدادو شوێنەکانی ترەوە ئافرەت دەهێنین، من سێ ساڵە لە کەرکووک ئەم کارە دەکەم، پێش ڕووخانی عێراق لەبەغداد بووم هەر ئەم کارەم دەکرد لەوێ زۆرباش نەبوو، بەلأم کەرکوک بۆیە باشە چونکە بۆ گەنجەکانی سلێمانی و هەولێر زۆر نزیکە و بەردەوام دێن بۆلامان، ڕۆژی وا هەبوو (40-50) گەنجمان هەبووە کە هاتوون بۆلامان.

ژمارەی تەلەفۆنەکانمان لای زۆر خەڵک هەیە هەر کەسێک تەلەفۆنمان بۆ بکات ئێمە جوابی دەدەینەوە ئیتر عیلاقەمان نییە کێیە گرنگ ئەوەیە بێت کارەکەی خۆی بکات و بڕوات ئێمە کارو کاسبیمان ئەمەیەو شەرمیش ناکەم لەم کارە چونکە ئەو ولأتە ئیشی تیانەماوە بەسەربەرزیی بکرێت، من ئێستا تۆ هاتی وامزانی بۆئەوە دێیت ڕابوێریت بەلأم مادام پارەت داوە لەبری ڕابواردنەکە ئامادەم قسەت بۆبکەم، گرنگ ئەوەیە من پارە پەیدادەکەم، ژیان ئەوەندە قورسە بەمجۆرەش هەر دەرێناهێنێت.



ستیڤان شەمزینانی
Shamzini79@hotmail. com